www.kurdistannet.org
24-5-2007 12:12بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پێنج برووسکە شیعر ... بەهزاد حەوێزی

1- هەتاو
بە ئەسپایی هەروەکو هەنسکی خەم
دوندی دڵم رۆشن دەکاو
لێناگەڕێ چاودابخەین...
دەبێ بە تەم
2- جۆگە
وەکو ئەزەل بە زاکیرەیا هەڵزناوە
مشتێك ئاوی زوڵاڵە
تنۆك تنۆك بەسەر پەنجەکێڵی رۆحدانا
ناگا بە خاکەهەمیشەتینووەکەی لێویانا
3- دایك
رەنگە شاخ بەبێ لوتکە
لوتکە بەبێ تەم
تەم بەبێ زریان
زریان بەبێ کرێوە
هەڵبکات
بەڵام ئەبەد نەبووە
هیچکامێکیان بەبێ خاك باڵابکات
4- تەرم
سیمای تەڵخی رۆشنترە لە تریفە
زامی وەکو ئەو پێدەشتە
شوناسێکە لە رەنگی با
دەمەوبەیان
هێسکوپروسکە
لێوانلێوە لە خەزان
5- نائومێدی
ئەستەمە خۆر دەرکەوێ
نمەی باران
پرووشەی بەفر
شنەبا بێ
بۆیە برۆ تەنیا یەکجار
کۆتری ئیشق لە هێلانەی دەستەکانت دەخەوێ

b_hawezy@yahoo. com 2007/4/29

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.